# کاتێک سیاسەت ئاراستە ڕاست و دروستەکانی لە دەست دەدات

د. بورهان ا. یاسین
٢٠١٢/١١/٢٩

## پێشەکی:

پێشوەچوونەکانی ئەم دواییەی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا وە شێوازی کاردانەوە سیاسییەکان لە سەر پانتایی سیاسی باشووری کوردستان زیاتر لە ئەگەرێک و پرسیارێک لەخۆیان دەگرن. لە کۆی تێبینی و تێڕامانەکان وا دەردەکەوی کە ئەو بنبەستە سیاسییەی پەیوەندیەکانی هەولێر و بەغدا پێیگەیشتووە ئەوەمان پێدەڵێ کە ئیتر چیتر ئیمکانی نیە کە ئەو بنبەستە پاڵبدرێتە پێشەوە یا خۆی لێ لابدرێ؛ ئەگەر ئەم جارەش ئەو بنبەستە پاڵبدرێتە پێشەوە ئەوا لە باشترین حاڵەتدا لەسەر حسێبی لایەنی کوردی دەبێت. لایەنێکی گرنگی کێشەکەش ئەوەیە کە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی کوردی لەبەرامبەر بەغدا بە تەواوەتی بە بنبەست و شکست گەیشتوون. بە هەر حاڵ پارادۆکس (موفارەقە) ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە دەیەوێ هەمان بنبەست و شکست بۆ خۆی، ڕوو لە ناوەوەی کوردستان بە تایبەتی بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆن، بکا بە "سەرکەوتن". ئەمەش خۆی لەخۆیدا تراژیدیایەکی تری سیاسەتە کوردییەکانە و بە ئەگەری زۆریش لە بەردەوامیدا بە نەهامەتییەکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان تەواو ببێ!

ئەم وتارە بە شێوەی سەرەکی هەوڵیکە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو بارودۆخەی کە باشووری کوردستان دووچاری بۆتەوە، بە تایبەتی بە جختکردنەوە لە بابەتی پەیوەندیەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن. بۆ فەراهەمکردنی باسەکەش هەوڵ دەدەم کۆمەڵێک ڕەهەند و بابەت لە تابلۆیەکی یەکبوودا بخەمە ژێر ڕۆشنایی باس.

## سروشتی کێشەکان:

زۆر جار کەس و لایەنەکان دەکەونە هەڵەیەکی زۆر جددیەوە کاتێک بۆ تێگەیشتن لەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی پانتایی سیاسی لە باشووری کوردستان گرتووە، باس لە سەرەتای دروستبوونی ئۆپەراسیۆنی دجلە یا هەندێ ڕووداوی تری لەو جۆرە دەکەن. لەبەرامبەردا دەمەوێ ئەوە جخت بکەمەوە کە تەواوی کێشەکە پێ لە

کۆمەڵێک هەڵەی جددی هەڵدەگرێ کە هەر لە سەرەتای سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، دوای کەوتنی دکتاتۆر، سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان تێیان کەوت. ئەم هەڵە سیاسیانەش زیاتر دەربڕی خۆشبینیەکی سیاسی بێبنچینە و بێ بنەما بوو. ئەو خۆشبینیەش دەرهاویشتەی خوێندنەوەیەکی بە هەڵەی سەر و بەری روانگە سیاسیەکە بوو. خوێندنەوەکەش بۆخۆی رەنگدانەوە و دەربڕی جیهانبینیەک بوو کە هی دوێنێیەکی زوو و کات بەسەر داچوو بوو، جیهانبینیەک کە خۆی لەو بروایە دەبینیەوە کە شێوەیەک لە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی دەتوانێ چارەسەری کێشەی کورد بکات. دیوەکەی تری ئەو باوەڕەش ئەوە بووە کە دیمۆکراسی دەتوانێ ئەو زامنە بێ کە کورد لە چوارچێوەیدا بە مافەکانی بگات، بەبێ ئەوەی بیری لەوە کردبێتەوە کە سیستەمی هەڵبژاردن دەکرێ نەتەوەی سەردەست بکات بە خاوەنی پێگەی ***زۆرینەی دیکتاتۆری***. لە لایەکی ترەوە لەم رۆژانەدا، دوای ئەوەی کورد زۆر درەنگ کەوت لە تێگەیشتنی ئەو مەسەلەیە، ترسێکی گەورە لەوە هەیە کە حکومەتی داهاتوو هی زۆرینە (تۆ بڵێ دیکتاتۆریەتی زۆرینە) بێ و ئەگەرێکی هەرە بەهێزیش ئەوەیە کە کورد بێبەش بکرێ لەو حکومەتە زۆرینەیە...

سەیر ئەوەیە کە راستیەکی تاڵ بۆ کورد بەردەوام ئەوە بووە کە لە ناو دامەزرێنەرە هەرە چالاکەکانی هێزی لەشکری عیراق لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵێک ئەفسەرانی کورد هەبوون... ئەم راستیە دەبێ ببوایە بە دەرسێک کە نەوەکانی دواتر سوودی لێوەرگرن و *ئەو مێژووە دووبارە نەکەنەوە*. بەڵام لە کاتێکدا کە هەر ئێستا قەیرانی متمانە لە نێوان هەولێر و بەغدا دەگا بە ئاستێکی زۆر ترسناک، سەرۆکی هەرێم بە بێ ئەوەی هەست بە گوناه بکات و هیچ هێمایەکی دەربڕیبێ لە مەڕ هەڵەکردنی لایەنی کوردی لە دامەزراندنەوەی سەر لە نوێی دەوڵەتی عیراق، بە راشکاونە باس لەوە دەکات کە لە کاتێکدا شیعە و سووننە دوودڵ بوون لە دامەزەراندنەوەی هێزی سەربازی عیراق "ئێمەی کورد" بووین بە سەرچاوەی سەرەکی دامەزراندنەوەی ئەو لەشکرە! بەم مانایەش کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا ئەوە نیە کە کێ سەرۆک وەزیرانی عیراقە بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە لایەنی کورد لە رابردوودا بە هەڵە دا چوو، ئێستا لە پێگەیەکی هەڵەوە سیاسەت دەکات وە بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا باجی ئەو هەڵانەی بدات. ئێستا، بەو مانایە، هەڕەشەی گەورە بەغدا نیە بەڵکو هەڕەشە ئەوەیە کە هەڵگرانی لۆژیکی سیاسی هەڵە و جیهانبینیەکی چەوت و شکستخواردو سەرکردایەتی کورد دەکەن، وەک موتەکە لەسەر کێشە جوان و رەواکەی دانیشتوون؛ خەرابتریش لەوە ئەو کێشە جوانەیان کردوە بە دیوارێک خۆیانی لە پشت حەشار دەدەن و دەیکەن بە قەڵغانی بەرگریکردن لە خۆیان... بەردەوامی هاوکێشەکان بەم

شێوەیە بە ئەگەری زۆر کاریسەیەکی نەتەوەیی گەورە بۆ کورد بە دوای خۆیدا دەهێنێ.

## پێگەی کورد:

لە تێڕوانینێکی بە پەلەدا لە بار و دۆخی باشووری کوردستان و سیستەمە سیاسیەکەی، دەتوانین ئەوە بڵێین کە باشووری کوردستان لەم پێگە و بارودۆخەی کە تیایا دەژێ نە ئامادەیە بگات بە ئاشتیەکی سەرکەوتوو وە نە شەڕێکی سەرکەوتوو لەگەڵ بەغدا. بەهانە سەرەکیەکانی ئەو بۆچوونەش ئەوەن کە: ١) سیستەمی سیاسی لە باشووری کوردستان لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر رەهەندەوە شکستی هێناوە لە بەرهەمهێنانی بەرەیەکی ناوخۆیی (سیستەمێکی سیاسی) بە هێز کە تیایدا تاک متمانەی بە سیاسیەکانی هەبێ و وابەستەبوونێکی توندوتۆڵی بەو سیستەمە هەبێ و لە رێگەی سەرکردایەتێکی دلسۆزەوە ئامادەی هەموو خۆ بەختکردنێک بێت. ئامادەیی رۆژانی خەباتی شار و شاخی رابردوو لە خۆڕاگریەکی بێوێنەدا بەرامبەر یەکێک لە درندەترین رژێمە ستەمکارەکان چووە مێژووەوە و چیتر بوونی نیە. لە راستیدا ئەو وابەستەبییە بەهێزە بە نەتەوەوە و ئەو خواستی قوربانیدانە لەسەر دەستی دەسەلاتێکی گەندەڵ لە ٢٠ ساڵی دواییدا قەبرکرا؛ ٢) لەگەڵ ئەوەشی کە هاوپەیمانیەکی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە، بەلام بەشێک لەو قەیرانەی کە هەیە زیاتر هی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتیە تا هی کورد لە لایەک وە بەغدا لە لایەکی تر. هەنگاوەکانی ئەو دوو حزبە زیاتر هی گومڕایی و پرسی ئەوەی کە ئایا لە هەنگاوی داهاتوودا یەکێتی چەند برەوە دەبێ یا دۆڕاو؛ یا پارتی چەند سەرکەوتوو دەبێت یا چۆک شکاو؛ ٣) لە دەزگا رەسمیەکانی هەرێمدا، وەک بڵێی هەر یەکە و لە جیهانی خۆیدا بژێ وایە، بە شێوەی جیا جیا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ قەیرانەکەدا کردوە: پەرلەمان نەیتوانیوە بە جددی ئەم کێشەیە تاوتوێ بکات؛ سەرۆکی حکومەت لە چەند قسە و راگەیاندنێکی گشتی بەدەر، خۆی لەو باس و خواسانە نزیک نەکردۆتەوە؛ تەواوی فایلی قەیرانەکە لەدەست سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (تۆ بڵێ سەرۆکی هەرێم) دابووە؛ ٤) لە پێگەی ئیقلیمیدا: پشتبەستن بەو بۆچوونەی کە کورد لەبەرەوروبوونەوەی سەربەزایدا لەگەڵ بەغدا جارێکی تر ئەوەی بەسەر نایەت کە لە ١٩٧٥دا بەسەریهات، ***دەکرێ هەڵەیەکی زۆر کوشندە بێت***. هەرچەندە پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و تورکیا بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە، بەلام ئێستاش عیراق وەک وڵات ئەو ئامرازانەی بەدەستەوە هەن کە لە بادانەوەیەکی سیاسیدا وە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەگەڵ تورکیا بگاتە لەیەکگەیشتنێک لە

شێوەی ئەوەی کە لە جەزایر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا لە نێوان عیراق و ئێراندا کرا بۆ پشتشکاندنی کورد. بەهانەیەکی گرنگ بۆ ئەو ئەگەری لە یەکگەیشتنەی تورکیا و عیراق دەکرێ زیاتر بەرهەمی ئەو باوەڕەی تورکیا بێت کە ئیتر ڕۆل و کاریگەری پکک بە پەیوەندی لەگەڵ پێشوەچوونەکانی خۆرئاوای کوردستان و زێدەبوونی ڕۆلی پکک لەوێ و تەشەنەبوون و زێدەبوونی ئۆپەراسیۆنەکانی پکک لە باکووری کوردستان وا لە تورکیا بکات لە عیراق نزیک بێتەوە بۆ خەملاندنی تێگەیشتنێک لەسەر فایلی کوردی، کە تیایدا زۆر بە کورتی عیراق ئامادەیی پیشان بدات لەوەی کە بەکردار ئامادەی هاوکارییە لە پێناو لێدان و لاوازکردنی پکک. هەر لێرەشدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە نێوان قەندیل و هەولێر هیچ جۆرە لەیەکتر گەیشتنێک هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئەگەرێکی ئەوها بگیرێ؟ سەیر ئەوەیە داگیرکەرانی کوردستان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ مەسەلەی کورد هەولێر و قەندیلیان لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە، ئەوە بزاڤە سیاسیەکانی کوردستان خۆیانن کە هەولێر و قەندیل بە یەکەوە نابێنن! هەر گرێدراو بەمەشەوە، دەکرێ بڵێین کە مەرجێکی ستراتیژی خۆڕاگری باشووری کوردستان بەرمبەر بەغدا، لە ئێستاو لە داهاتووشدا، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی ئەم بەشەی کوردستان لەگەڵ تورکیا نەک هەر گرنگە پارێزراو بن بەڵکو بەرجەستەتر و سەقامگیرتر بن، وە لەش گرنگتر لەسەر *هەندێ بنەمای درێژخایەن* دارێژراو بن. بە بۆچوونی خۆم هەر کاتێک تورکیا لەگەڵ بەغدا ڕێککەوت بۆ لێدانی باشووری کوردستان ئەوا ئەو پێشوەچوونە بە پشتشکانی باشووری کوردستان تەواو دەبێ. دووریش نەڕۆیشتووین ئەگەر بڵێین پێشوەچوونێکی ئەوها باشووری کوردستان دەکا بە هەرێمێکی داخراو وەک کەرتی غەزەی فەلەستین. هەر لێرەشدا دەبێ ئەوە بگوترێ ڕووداوێکی لەو چەشنە دەبێتە هۆی پاشوەچوونێکی زۆر جددی بۆ دۆزی کورد لە باکووری کوردستانیش. لەو گۆشەبینینەوە و بەکاربردنی ئەم لۆژیکە پێویست دەکات هێزەکانی باکووری کوردستان وە بە تایبەتی پکک بەو پەڕی وشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەن وە هەولێر و قەندیل زۆر بە وردی و لە ئاستێکی هەرە جددیدا تەواوی هەڵ و مەرجەکان لە پێکهاتەیەکی فراوانی یەکبوودا، لە هاوکێشەیەکی ستراتیژی موتەکامیلدا، شتەکان بخوێننەوە و تێگەیشتنی بۆ بکەن و بڕیار و هەنگاوەکانیان لەسەر دابڕێژن.

## شەڕی هەولێر و بەغدا: کەی؟

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی ئێستا ناکرێ، وە بگرە هەڵەیەکی گەورەشە، کە لە جولاندنی هێزی سەربازی عیراقەوە (تۆ بڵێ لە ئۆپەراسیۆنەکانی دجلەوە) دەست پێبکەین. بە باوەڕی خۆم هەر ئەو دەستورەی کە

بە چارەسەر دادەنرێ بۆ کێشەکانی هەرێم و بەغدا کەچی لە هەمان کاتتدا هەمان دەستوور سەرچاوەی کێشەکانیشە: زۆر بە کورتی و بە چڕی، ئەوەی رژێمی بەعس لە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا تیایدا سەرکەوتوو بوو کە چارەسەری کێشە بنچینەییەکان (ناوچە دابڕێنراوەکان و سنوور و... هتد) دوا بخات بۆ دوای ٤ ساڵ. ئەندازیارە کوردەکانی نووسینەوەی دەستوور لە عیراقێکی تر (واتە عیراقی دوای سەدام) قەبووڵیان کرد کە چارەسەری هەمان ئەو کێشە بنچینەیی و حەیاتیانە دوا بخرێ بۆ کاتی تر: بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین کە چارەسەری کێشەی کورد لە دەستووری عیراقدا بە هەمان روحی بەیاننامەی ئازار داڕێژراوە! لە لایەکی ترەوە، ئەوەی زۆربەی زۆری کوردستانیان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە هەر گیز، نە لە کۆندا نە هەنووکە وە نە لە داهاتووشدا، کێشەی کورد بەبێ بە چارەسەر گەیاندنی ئەو بابەتانە (ناوچە دابڕێنراوەکان و سنوور و... هتد) نە چارەسەر بووە وە نە چارەسەرەریش دەبێ.

لەوە دەچێت کە بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ بەغدا، کەم یا زۆر، بووە بە شتێکی حەتمی وە وای لێهاتووە کە پرسیار ئەوە نیە ئایا ئەو شەڕە روودەدات یا نا بەڵکو پرسیار ئەوەیە کەی روو دەدات وە لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئایا ***کێ و کام لایەن*** تەوقیتی ئەو شەڕە هەڵدەبژێرێ؛ ئەگەر ئەمجارەشیان نا ئەوا جارێکی تر... ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە لایەنی کوردی لە توانایدا نەبێ ***کاتی*** ئەو بەرەوڕووبوونەیە هەڵبژێرێ وە ئەگەر هەر بیشیکات ئەوا، وەک خووی دێرینە و لە مێژینەی خۆی، جارێکی تر بانگەشە بۆ هەمان بەهانە کۆن و ئامادەکەی دەکات و دەڵێت ***"حەزمان لە شەڕ نەبوو، بەڵام چیبکەین دوژمنان ناچاریان کردین"***.

بۆ شیکردنەوەی ئەم بۆچوونە بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە ژمارەیەکی زۆر مەرجی گرنگ هەن بۆ ئەوەی تۆ بتوانی کاتی شەڕ هەڵبژێری و *لەو شەڕەشدا سەرکەوتوو بیت*: ١) بە بۆچوونێکی هەرە باو، کە سەرەتا هی ژەنەڕاڵی پڕوسی (کلاوسۆویچ)ە، ئەوەیە کە "شەڕ بەردەوامی سیاسەتە، بەلام بە ئامرازی تر" وە هەر دامەزراو لەسەر ئەم بۆچوونە ماوتسی تۆنگ دەڵێ "شەڕ سیاسەتێکی خوێناویە و سیاسەتیش شەڕێکی ناخوێناویە". هەر بیناکراویش لەسەر ئەو بۆچوونە وە گرێدراو بەوەوە، دەکرێ بڵێین هەر وەک چۆن سیاسەتی دەرەوە درێژکراوەی سیاسەتی ناوەوەیە، هەر ئەوهاش دەکرێ بڵێین دەسەلات و سیستەمێکی سیاسی شکستخواردوو لە ناوەوەی باشووری کوردستان لە کاتی جەنگدا، لە باشترین حاڵەتدا، ئەو شکستەی خۆی لە ناوەوە درێژ دەکاتەوە بۆ دەرەوەی خۆی: سیاسەتێکی ناسەرکەوتوو و ناکارامە لە ناوەوە ناکرێ سەرکەوتنی لێ بەرهەمبێ لە کاتی درێژکردنەوەیدا بۆ دەرەوەی خۆی؛ ٢) کاتێک گوتاری ناسیۆنالیزم بوو بە

گوتاری ***یاریکردن بە هەست و نەستی خەڵک*** ئەوا چوون بۆ شەڕ لە چوارچێوەی ئەو جۆرە گوتارەدا تەنها شکست و تراجیدیای لێدەکەوێتەوە و بەرهەمەکەشی کۆمەڵێک نەهامەت دەبێ. پێویست ناکات خەڵکی کورد بۆ چەند جارێکی تریش دووچاری شەڕ و پێکدادانی خوێناوی و کۆمەڵێک تراژیدیا ببێتەوە ئەوجا بگەڕێتەوە و بڵێ هەست و نەست بۆ ناسیۆنالیزم بەس نیە بەڵکو ناسیۆنالیزم لە بەرەوڕوو بوونەوەدا دەبێ پشت بە خوێندنەوەی عەقلانی و کۆمەڵێ راستی و فاکت و لێکۆڵینەوە ببەستێ. هەر بۆ پشتراستکردنەوەی رووە عەمەلیەکەی ئەو بۆچوونە دەتوانین بڵێین کە گوتاری ناسیۆنالیزم لە ناو چەقی ئەو قەیرانە جددیەی بەغدا و هەولێردا گوتارێکە کە لەسەر بنچینەی هەندێ هەستونەستی بێ بنەما دامەزراوە. دەکرێ بۆ ئەم بۆچوونەش، تەنها وەک نموونە، ئاماژە بە راگەیەندراوی بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکەین (بەر لە چەند رۆژێک) کە دەڵێ بە سیاسەتی حەکیمانەی بارزانی نەک هەر توانای بەرەوڕوبوونەوەی عیراقمان هەیە بەڵکو توانای بەرەوروبوونەوەی هەموو ئوممەی عەرەبیشمان هەیە. دەکرێ مرۆڤ بە فاکتێک لەو بریکارە بپرسێ ئایا کاتێک بودجەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٩ ملیار دۆلار بوو وە مووچەی پێشمەرگە لە دەرەوەی ئەو بودجەیە لە لایەن حکومەتی عیراقەوە دابین دەکرا کەچی دەسەڵاتی کوردی توانای ئەوەی نەبوو ژیانی ماددی پێشمەرگە لە شێوەی کەمترین خۆشگوزەرانی فەراهەم بکا، ئەی ئەوە چیە وا دەکات کە هەمان دەسەڵات لە کاتی بەرەوڕوبوونەوە لەگەڵ بەغدا و بڕانی ئەو هەموو بودجەو ئیمتیازاتە ماددییانە بتوانێ هێزێکی پێشمەرگەی تێر و شەڕکەر لەسەرپێ راگرێ؟

## قەیران: ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات

بە گشتی لە دوو شێوە بۆنەدا سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی هێزە سیاسیەکان رێکدەخات. یەکێکیان کاتی سەفەرێکی دەرەوەی کردبێ بۆ گێڕانەوەی "سەرکەوتنەکانی خۆی" لە سەفەرەکانیدا وە ئەوەی تریشیان کاتێ دەکەوێتە تەنگانە و قەیرانی جددیەوە و پێویستی بەوەیە کە قەیران بەسەر ئامادەبووانی کۆبوونەوەدا "دابەش بکات" و بیانکا بە شەریکی قەیرانەکانی خۆی و دەسەڵات. لە راستیدا ئۆپۆزیسیۆن نە پێویستیەتی گوێبیستی "سەرکەوتنەکانی دیپلۆماسیەتی سەرۆکی هەرێم" بێ وە نە پێویستیەتی خۆی بکات بە "شەریک لە قەیرانێک" کە رێک دەرهاوێشتەی سیاسەتی چەوتی دەسەڵات خۆیەتی و بەرهەمی کاری تاکڕەوانەی هەندێک لە سەرکردە هەرە باڵاکانی ئەو دەسەڵاتەیە.

لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین ئامادەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم لە ٢٢ی ئەم مانگەدا (نۆڤەمبەری ٢٠١٢) هەنگاوێکی ناکارامە بوو

وە زیاتر بەرهەمی بزوانی هەندێ هەست و نەست بوو کە لە سیاسەتێکی عەقڵانیدا جێگەی نابێتەوە: ١) بە باوەڕی خۆم ئەم ئامادەبوونە، کەم یا زۆر، ئیمزاکردنی شێکێکی سپی بوو بۆ دەسەڵات، یا راستتر بڵێین بۆ سەرۆکی هەرێم. ئەگەر چی گرنگە هەر زوو ئەوە بڵێین کە گومان لەوەدا نیە ئۆپۆزیسیۆن ئەو تێگەیشتنە رەد دەکاتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە (واتە بۆ ئیمزاکردنی شێکێکی سپی) ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بووبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا گەر سەرۆکی هەرێم بەم شێوەیە لەو ئامادەبوونە گەیشت وە هەنگاوەکانیشی بەرەو قوڵبوونەوەی تەنگەژە لەسەر تێگەیشتنێکی ئەوها بینا کرد ئەی ئەو کاتە چی؟؛ ٢) ئەوەی کە پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەیە، دەمێکە باوەڕم وایە کە دەسەڵات مەراقیەتی وە لەسەر هەموو ئاستێک و بە هەموو ئامرازێک کار بۆ ئەوە دەکات کە گۆڕان لە ژمارەیەکی "موتەمەییز" بکات بە ژمارەیەکی نۆرماڵ (تۆ بڵێ ئاسایی) وە لە ژمارەیەکی "گەورە" بیکات بە ژمارەیەکی بچووک (هەڵبەتە مەبەست لە ژمارەی موتەمەییز و ژمارەی گەورە هەردوو رەهەندی چۆنایەتی و چەندایەتییە). زۆر بە کورتی و بە چڕی، مەبەستی دەسەڵات کاڵکردنەوە و بێڕەنگکردنی ئەو بزاڤەیە، بگرە لەوەش زێتر لە رێگەی ئەوەی کە گۆڕان دەکا بە بەشێک لە سیاسەتێکی گشتگیرتر (بە بیانۆی مەسەلە نەتەوەییەکان)، کە لە راستی و بنەڕەتدا مەسەلەی نەتەوەیی نین بەڵکو درێژبوونەوەی سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵاتە لە ساڵانی رابردوودا، وا لە گۆڕان دەکات کە ***رێک رەنگی دەسەڵات وەربگرێ***. ئەوەش یارمەتی نادات سەرکردەکانی گۆڕان هەر بەهانەیەک بهێننەوە، بەڵکو گرنگ رێک دەرهاوێشتەکەیە کە ئەویش بوونی بزاڤی گۆڕانە بە شەریک لە سیاسەتە شکستخواردووەکانی دەسەڵات؛ ٣) بە باوەڕی خۆم ئەو راگەیێندراوەی کە لەو کۆبوونەوەیە کەوتەوە تا بڵێی سەرپێی و گەواهیدان بوو بە دەسەڵات وە لە ناوەڕۆکیشدا زۆر لاواز بوو، بە بەراورد لەگەڵ جددیەتی ئەو سات و کاتەی کە ئێستا باشووری کوردستان بەرەورووی بۆتەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا، بە باوەڕی خۆم ئەوە کاتێکی زۆر گونجاو بوو کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوها بە ئاسانی و بەئەرزانی (واتە بەبێ ئەوەی کە دەسەڵات هیچ تەنازولی لە مەسەلە بنچینەییەکاندا کردبێ)، "شێکە سپیەکەیان" بۆ سەرۆکی هەرێم مۆر نەکردایە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەوە رێک ئەو کاتە لەبارەیە بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە دەسەڵات هووشیار بکاتەوە و بە ئاگای بهێنێ؛ ئەوەیە رێک ئەو کاتەی کە تیایا ئۆپۆزیسیۆن کۆمەڵێ تەنازولی ناوخۆیی بە سەرۆکی هەرێم بکات. من باوەڕم وایە بزاڤی گۆڕان لە ژێر کاریگەری هەست و نەستێکی ورووژێنراو و هەواوکەشێکی سایکۆلۆژی تەشەنە بووەوە چووە کۆبوونەوەکە؛ ٤) لە راگەیندراوەکەدا، بۆ نموونە، ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە هەڵبەتە بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، پشتگیری لە هێزی "پێشمەرگە" دەکەن، ئەو هێزەی بەردەوام جێگەی رەخنەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن

بووە. بگرە کەمیش نین ئەو دەنگانەی لە ئاستی جددیەت و بەرپرسی بەرزدا لە ناو ئۆپۆزیسیۆن ئەوە ناشارنەوە کە شتێک نیە بە ناوی پێشمەرگە و لەشکری نیشتمانی بەڵکو ئەوەی هەیە کۆمەڵێک هێزی چەکداری حزبن... ناشکرێ ئەو پرسیارەش نەکەین، ئایا ئەو هێزە پێشمەرگەیەی ئامادە بێ بچێتە سەر بارەگای هەندێک لە هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بە چەکی قورس دەورەی بارەگاکانیان بگرێ و دەنگی خەڵکی راپەڕیوی کوردستان بە کوشتن و تێهەڵدان کپ بکات، ئایا هەر ئەو هێزە دەتوانێ پارێزگاری لە هەمان ئەو خەڵکە و خاکی وڵاتەکەیان بکات؟ ئایا دەکرێ هێزێک ببێ بە داردەستی دەسەڵات لە کپکردنی ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان کەچی روو لە دەرەوە ئەو هێزە ببێ بە ئامرازی بەدەستهێنان و پاراستنی ئازادی هەمان خەڵک؟ دەشکرێ بپرسین ئەو پشتگیری کردنەی ئۆپۆزیسیۆن لە "پێشمەرگە" هی هەست و نەستێکی بێ بنەمای کوێرانە بوو یا هی عەقڵانیەتێکی سیاسی؟ من باوەڕم وایە هی یەکەمیانە نەک دووەمیان. بە راگەیێندراوێک هێزی پێشمەرگە لە ئامرازی داپڵۆسین و بەرگریکردن لە عەرشی ستەمکار ناتوانێت ببێت بە ئامرازی پاراستنی ئازادییەکانی خەڵک: بەڵێ دەتوانێ ببێ بە ئامرازی زامنکردنی ئاسایشی دەسەڵاتێکی گەوج و گەندەڵ نەک پاراستنی ئاسایشی نەتەوە و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە.

دەکرێ هەندێک کەس و لایەن پرسیاری ئەوە بکەن ئایا گەر ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی بزاڤی گۆڕان، نەچوایەتە ئەو کۆبوونەوەیە ئەی چی بکردایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زێتر لە گریمانە پێ هەڵدەگرێ تا شیکردنەوەی شتێک کە روویدابێت و بیناکراو بێت لەسەر خوێندنەوە و تێگەیشتنی هەندێ هەڵ و مەرج.

بە باوەڕی خۆم لە بری ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکە، دەکرا بزاڤی گۆڕان لە ئاستی بەرپرسە هەرە باڵاکانی وە لە پێش هەموویانەوە رێکخەری گشتی ئەو بزاڤە (نەوشیروان مستەفا) بەر لە دوو یا سێ کاتژمێر لە بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە لە گەورەترین وە شایستەترین کۆنفرانسی میدیاییدا تەواوی بۆچوون و خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەو قەیرانە راگەیاندایە وە لە پێش هەمووشیانەوە جختکردنەوەی ئەوەی کە بەڵێ ئەو قەیرانەی نێوان هەولێر و بەغدا درێژکردنەوە و بەردەوامی قەیرانی سیاسی دەسەڵاتە لە ناوخۆی کوردستان. جگە لەوەش بە روونی و بە راشکاوی هەر لەو کۆنفرانسەدا تەواوی بۆچوونەکانی گۆڕان لە مەڕ شێوازی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە و نەخشەرێگای ئەو بزاڤە لەو بارەیەوە بخرایەتە روو. بە باوەڕی خۆم هەنگاوێکی ئەوها دەیتوانی: ١) ئەو بزاڤە لە ئاستی موتەمەییز بوون و گەورەیی هەڵوێستی خۆیدا خۆی راگرێ وە پێگەیەکی بەهێزتر بەدەستبهێنێت وە بیکات بە خاڵی لێوەدەرچوون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەری قەیران و خەملاندنی رێگە

چارەیەک؛ ٢) بە هەنگاوێکی ئەوها گۆڕان دەیتوانی خۆی بباتە ***سەرەوەی قەیرانەکە*** وە لە سەرەوەڕا دەیتوانی هێما دیپلۆماسی و سیاسییەکان روو بە دەرەوەی خۆی و دەرەوەی باشووری کوردستانیشدا بڵاوکاتەوە. بەڵام ئەوەی کرا پێچەوانەکەی بوو.

هەتا هەنووکە لە ئاستی هەڵسوکەوتی دەسەڵات روو لە قەیران لەگەڵ بەغدا، کەمترین بنەمای عەقڵانیەت و لێووردبوونەوەی سیاسیدا بەدی ناکرێ، زۆر بە تایبەتی هەموو ئەو راگەیاندنانەی لایەنەکانی دەسەڵات، کە زۆر جار لە موزایەدەیەکی ئەو لایەن و کەسانە تێپەڕ ناکات کە خۆیان سەرچاوەی ئەو گێژاوە سیاسیەن کە باشووری کوردستانی تێیدا گوزەر دەکا.

لوند، سوید، ٢٠١٢/١١/٢٩
www.burhanyassin.com